بافڵ جەلال تاڵەبانی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە: نامانوەت جارێکیتر هەڵەکانی رابردو دوبارەبکرێنەوە



بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرکی یەکێتی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمەوە ڕایگەیاند، هەوڵستی ئەوان لەبارەی حکومەتی نوێوە "ڕونێ و نامانوەت جارێکیتر هەڵەکانی رابردو دوبارەبکرێنەوە، دەبێت حکومەتی داهاتو دادپەروەرانە و دور لە هەمو بیرکردنەوەیەکی حزبی کار بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان بکات و خزمەتیان بکات".

بافڵ جەلال تاڵەبانی لەمیانی کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ دیپلۆماتکارانی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند، وڵاتکەی بۆ قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و پێویستی هەمولایەک کار بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاوەدانی لە ناوچەکە بکەن، دەبێت لە سوریای نوێدا مافی هەمولایەک بەتایبەت گەلی کورد پارێزراوبێت و هاوبەشێکی راستەقینەبێت لە بونیادنانەوەبردنی وڵاتەکەدا.

لەبارەی دۆخی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی نوێوە، ئاماژەی بەوەکرد، "هەوڵستی ئێمە لەبارەی حکومەتی نوێوە ڕونێ و نامانوەت جارێکیتر هەڵەکانی ڕابردو دوبارەبکرێنەوە، دەبێت حکومەتی داهاتو دادپەروەرانە و دور لە هەمو بیرکردنەوەیەکی حزبی کار بۆ سەرجەم خەڵکی کوردستان بکات و

خزمەتیان بکات".

بافە جەلال تاڵەبانی ئەوەشی وت، "ئەمە ناکۆکی و لێکترازان بەهەموشوێنێک ڕوتدەکەینەوە و ئامانجمان ئاشتی و پێکەوەژیانە، بەڵام بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵک و وڵاتمدانەوەی داواکارییە ڕەواکانیان بە ئەرکی خەمان دەزانین، بۆیە هیوادارین هەموو لایەنەکانیتریش بەم نییەتەوە هەنگاوبنێن و پێکەوە هەرەمەکان بەرەو ئاوەدانی و سەقامگیری ئاڕاستە بکەین".

لەبارەی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەوە، بافە جەلال تاڵەبانی ئاماژەی بە پشتیوانی و هاوکاریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی کرد بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و ڕایگەیاند، "یەکخستنەوەی پێشمەرگە پرۆسەیەکی نیشتمانی و چارەنوسسازە، هیوادارین ئاستەنگە حزبییەکان نەبنە بەربەست لەبەردەم پڕۆسەکە و هەمومان هەڵەکی تێکەڵ بە کوردستانەکەمان بونیادبنێین.".